# له تاوانه گەورەکان: کەسێک جوێن بە دایبابی خۆی بدات»، ووترا: ئایا کەسێک هەیە کە جوێن بە دایبابی خۆی بدات؟ فەرمووی: «بەڵێ، جوێن بە باوکی کەسێکی تر دەدات؛ ئەو کەسەش جوێن بە باوکی ئەم دەدات، وجوێن بە دایکی کەسێکی تر دەدات؛ ئەو کەسەش جوێن بە دایکی ئەم دەدات»

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە تاوانە گەورەکان: کەسێک جوێن بە دایباب* خۆی بدات»، ووترا: ئایا کەسێک هەیە کە جوێن بە دایبابی خۆی بدات؟ فەرمووی: «بەڵێ، جوێن بە باوکی کەسێکی تر دەدات؛ ئەو کەسەش جوێن بە باوکی ئەم دەدات، وجوێن بە دایکی کەسێکی تر دەدات؛ ئەو کەسەش جوێن بە دایکی ئەم دەدات». *(واتە: دایک وباوک)
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

فەرموودەکە بەڵگەیە لەسەر مەزنی مافی دایباب، وبوونە هۆکار بۆ جوێندان پێیان وئازار دانیان لە تاوانە گەورەکانە، وئەگەر بوونە هۆکار بۆ جوێندان پێیان یان نەفرەت لێکردنیان تاوانێکی گەورە بێت؛ ئەوا جوێندان ونەفرەت لێکردنیان بە ڕاستەوخۆ تاوانەکەی گەورەتر وناشیرینترە. پاش ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوەی دا کە جوێندان پێیان لە تاوانە گەورەکانە؛ ئەوانەی دانیشتبوون سەیریان لێهات، چونکە بە دووریان دانا کەسێک ڕاستەوخۆ جوێن بە دایبابی بدات، فەرمووی لەوەیە ڕووبدات لە ڕێگای بوونە هۆکار بۆ جوێندان پێیان، ئەویش بەوەی کەسێک جوێن بە دایبابی کەسێکی تر بدات؛ وئەو کەسەش جوێن بە دایبابی ئەم بدات، وئەمەش وەکو ئەوە وایە کە جوێنی بە دایبابی خۆی دابێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5373

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee